KREFELD

نامیلکەی ڕێنمایی بۆ ئەو کەسانەی بە تازەیی دەرفەتی مافی نیشتەجێبوون (**Chancen-Aufenthaltsrecht**) یان هەیە

بەڕێز،

لەسەر داواکارییەکەتان مۆڵەتی نیشتەجێبوون (Aufenthaltserlaubnis) تان پێبەخشراوە. ئەمەش ناوی دەرفەتی مافی نیشتەجێبوونە. ئەم مافە لە بەشی 104cی "یاسای نیشتەجێبوون" (Aufenthaltsgesetz) دا دیاری کراوە.

ئێوە دەرفەتی مافی نیشتەجێبوون بۆ ماوەی 18 مانگ وەردەگرن. ئێوە ئەم ماوە کاتتان هەیە بۆ ئەوەی کاروبار و پێداویستییەکان و مەرجەکانی مۆڵەتی نیشتەجێبوونی زیاتر جێبەجێ بکەن. ئێوە دەبێت **پێش** لە بەسەرچوونی ئەم 18 مانگە داوای مۆڵەتێکی تری نیشتەجێبوون بکەن. ئەم داواکارییە نوێیە تەنها ئەو کاتە وەردەگیرێت کە ئێوە ئەو مەرجانەتان ببێت کە لەم لاپەڕەی زانیارییەدا هاتووە.

ئەم ماوەی 18 مانگە درێژ ناکرێتەوە. هەربۆیە، ئێستا پێتان ڕادەگەیەندرێت کە دەبێت چ مەرجێکتان پێش لە بەسەرچوونی دەرفەتی مافی نیشتەجێبوونەکەتان ببێت کە زۆرتر بمێننەوە.

1. پابەندبوون بە سیستەمی بنەڕەتیی دیموکراسیی ئازاد

ئێوە دەبێت پابەندی سیستەمی بنەڕەتیی دیموکراسی ئازادی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا بن. سیستەمی بنەڕەتیی دیموکراسی ئازاد بنچینەییترین سیستەمی سیاسیی ئەڵمانیایە. ئەمەش بریتییە لە:

a) مافی گەل بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتی حکومەت لە هەڵبژاردن و دەنگدانەکاندا و لەڕێگەی ڕێکخراوە تایبەتە یاسادانەر، جێبەجێکار و دادوەرییەکانەوە و مافی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان لەڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی، ڕاستەوخۆ، ئازاد، بەرانبەر و نهێنی.
b) بەستنەوەی یاسادانان بە سیستەمی دەستووری و بەستنەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری بە یاسا و دادپەروەری،
c) مافی پێکهێنان و بەکارهێنانی ئۆپۆزۆسیۆنێکی پارلەمانی،
d) ئەوەی کە حکومەت دەتواندرێت بگۆڕدرێت و دەبێت لەبەرانبەر نوێنەرانی خەڵک بەرپرسیار بێت،
e) سەربەخۆیی دادگاکان،
f) قەدەغەبوونی بەکارهێنانی هەر شێوە حوکم و بڕیارێکی توندوتیژانە یان دڵبخوازانە، و
g) کۆنکرێت کردن و جێخستنی مافەکانی مرۆڤ لە یاسای بنەڕەتیدا.

پابەندبوونی چالاکانە و شەخسیی ئێوە پێویستە. بەیاننامەیەکی پەیوەندیدار دەبێت لەلایەن شەخسی ئێوەوە واژۆ بکرێت. ئێوە دەبێت لە ناوەڕۆکی بەیاننامەکە تێبگەن و بابەتە سەرەکییەکان بزانن. تەنانەت گەر پێشتر بەیاننامەیەکتان بۆ داواکاریی دەرفەتی مافی نیشتەجێبوون واژۆ کردووە، پێویستە کە دیسان ئەو کارە بکەنەوە.

گەر لە داهاتوودا دەرکەوێت کە ئێوە لەم سیستەمە پاڵپشتی ناکەن، بەردەوامبوونی نیشتەجێبوونی ئێوە گەرەنتی ناکرێت چوونکە ئێوە مەرجە پەیوەندیدارەکان بەپێی یاسای نیشتەجێبوون جێبەجێ ناکەن. گەر بە شێوەیەکی چالاکانە پاڵپشتی ڕژێم یان گرووپە نادیمۆکراتیکەکان لە وڵاتی خۆتان بن، دەتوانێت بە مانای ئەوە بێت کە پاڵپشتی لە سیستەمی بنەڕەتیی دیموکراسی ئازاد لە ئەڵمانیاش ناکەن.

2. زانیاریی سەرەکی لەسەر سیستەمی دادوەری و کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ژیان لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا.

ئێوە دەبێت بیسەلمێنن کە زانیارییەکی سەرەکیتان دەربارەی سیستەمی دادوەری و کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ژیان لە کۆماری

فیدراڵی هەیە. بەڵگەی ئەوەی کە ئێوە ئەم زانیارییەتان هەیە لەڕێگەی تاقیکردنەوەی نەتەوەیی ستاندارد بە ناوی "ژیان لە ئەڵمانیا" (Leben in Deutschland)، کە بە شێوەیەکی کورت دەنووسرێت "LiD"، بەدەست دێت. خولی ئامادەکاریی پەیوەندیدار بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە لەلایەن چەندین دامەزراوەوە لەژێر ناوی "خولی ئاشناکردن" (Orientierungskurs) بەڕێوەدەبرێن. لە هەندێک بابەتدا، خولی ئاشنایی بەشێکە لە خولی ئینتگراسیۆن (Integrationskurs: خولی تێکەڵبوون بە کۆمەڵگا). هەروەها دەتوانیت بێ ئەوەی لە هیچ خولێکی پەیوەندیداردا بەشداری بکەیت، لە تاقیکردنەوەکەدا بەشدار بیت.

هەروەها گەر بڕوانامەی خوێندنگەی ناوەندیی ئەڵمانیا (Hauptschule) یان بڕوانامەیەکی یەکسان بەو یان بڕوانامەی خوێندنی گشتیی باڵا لە خوێندگەیەکی ئەڵمانیاتان هەیە، یان گەر بەسەرکەوتوویی خولێکی شاگردیتان (Ausbildung) لە ئەڵمانیا تێپەڕاندووە، یان گەر بڕوانامەیەکی زانکۆیەکی ئەڵمانیاتان هەیە، دەتوانن بەڵگەکەی پێشکەش بکەن. لەم حاڵەتەدا، ئێوە ناچار نین کە تاقیکردنەوەی "LiD" ئەنجام بدەن.

لە حاڵەتە ناوازەکاندا، دەکرێت لە ڕێگەی دیمانەیەکی شەخسییەوە لە نووسینگەی تۆمارکردنی بیانییەکان، کە دیزاین و ئاستەکەی بەپێی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی "ژیان لە ئەڵمانیا"یە، و دەبێت لێرەدا بە ئەڵمانی قسە بکەن، قبوڵ بکرێت کە ئێوە زانیاریی پێویستتان هەیە. هەمووی نووسینگەکانی کۆچبەری لەم دیمانە شەخسییانە بەڕێوە نابەن.

### 3. زانیاریی زارەکی لە زمانی ئەڵمانی بەڕادەی پێویست (**GER** ئاستی **A2**)

مەرج و پێداویستییەکی دیکە بۆ مانەوە دوای دەرفەتی مافی نیشتەجێبوون ئەوەیە کە ئێوە بتوانن بە ڕادەی پێویست بە شێوەی زارەکی بە ئەڵمانی پەیوەندی بگرن و قسە بکەن.

پێوەری ئەم توانایییە چوارچێوەی سەرچاوەی هاوبەشی ئەورووپی بۆ زمانەکان(GER)ە کە چۆنیەتیی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی ئاستی شارەزاییەکانی زمان لە گشت ئەورووپا دیاری دەکات.

بەڵگەی زانینی شارەزاییەکانی زمان لە ئاستی A2ی GER پێویستە. پێویست ناکات کە بەڵگەی ئەم زانیارییە حەتمەن بە شێوەی بڕوانامەی زمان پێشکەش بکرێت.

شارەزایی زمان لە ئاستی A2ی GER کاتێک بەدەست دێت کە ئێوە:

- بۆ ماوەی چوار ساڵ لە خوێندنگەیەکی زمانی ئەڵمانی خوێندبێتتان و دوای ئەویش چووبێتنە پۆلێکی باڵاترەوە، یان
- بڕوانامەی تەواوکردنی خوێندنگەی ئەڵمانیتان هەبێت (Hauptschule, Mittlerer Schulabschluss, Abitur)، یان
- گواسترابێتنەوە بۆ پۆلی 10ی خوێندنگەیەکی ئەڵمانی زمان، یان
- خولێکی خوێندنتان بە زمانی ئەڵمانی لە زانکۆیەک یان زانکۆیەکی زانستە کارپێکراوەکان، یان خولێکی ڕاهێنانی پیشەییتان لە ئەڵمانیا تەواو کردبێت، یان
- بتوانن بەسەرکەوتوویی و بێ ئەوەی پێویستتان بە وەرگێڕێک هەبێت لەگەڵ کارمەندانی نووسینگەی کۆچبەری قسە بکەن.

بۆ منداڵان و ئەو گەنجانەی کەمتر لە 16 ساڵ تەمەنیانە، هیچ بەڵگەیەک بۆ شارەزایی لە زمانی ئەڵمانیدا پێویست نییە. لەم حاڵەتەدا، هەر ئەوندە بەسە کە دوایین کارنامەی خوێندن لە خوێندنگەیەکی ئەڵمانی یان بەڵگەی بەشداریکردن لە خوێندنگای منداڵان لە ئەڵمانیا، پێشکەش بکەن.

هەروەها دەکرێت بە پێشکەشکردنی بڕوانامەیەکی گونجاو و باوەڕپێکراو لە ئاستی A2ی GER (وەکوو "تێستی ئەڵمانی بۆ کۆچبەران" (Deutsch-Test für Zuwanderer) ، ئاستی A2) زانین و شارەزا بوون لە زمان بسەلمێندرێت. بڕوانامەی زمان دەبێت بەپێی تاقیکردنەوەیەکی ستانداردی زمان بێت. هەموو بڕوانامەیەک قبوڵ ناکرێن. بڕوانامەکانی دامەزراوەی Goethe-Institut، دامەزراوەی Test-DaF-Institut، و دامەزراوەی telc gGmbH لە لایەن گشت نووسینگەکانی

کۆچبەرییەوە ناسراون و قبوڵ دەکرێن.

بە مۆڵەتی دەرفەتی نیشتەجێبوون (Chancen-Aufenthaltserlaubnis) دەتوانن بۆ بەشداریکردن لە خولی ئینتگراسیۆنی نووسینگەی فیدراڵی بۆ کاروباری کۆچبەری و پەنابەران (BAMF) قبوڵ بکرێن. لەم خولەدا، دەتوانن شارەزاییە دیاریکراوەکانی زمان و زانستی سەرەکیی سیستەمی یاسایی و کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ژیان لە وڵاتی فیدراڵی فێر ببن و لە تاقیکردنەوەی باش و گونجاودا بەشداری بکەن. دەبێت داوای وەرگرتن بکەیت. گەر هەر پرسیارێکت هەیە، دەتوانی لەگەڵ نووسینگەیەکی BAMF لە ناوچەکەتاندا پەیوەندی بکەیت. بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریی BAMF-NAvI (https://bamf- navi.bamf.de/de/)، دەتوانن خێرا و بەئاسانی بزانن کە چ نووسینگەیەکی ناوچەیی بەرپرسی ئێوەیە و خولەکانی ئینتگراسیۆن لەکوێ پێشکەش دەکرێن. داواکاری بۆ وەرگرتن هەروەها دەتوانێت لەلایەن دابینکەرانی خولەکانی ئینتگراسیۆن پێشکەش بکرێت. ئەوان پێیان خۆش دەبێت کە ڕاوێژ و ڕێنماییتان بکەن و دەتوانن وەک یەکەم خاڵی پەیوەندی بەکاربهێندرێن.

### 4. خوێندن و ئامادەبوونی منداڵان لە خوێندنگە

بۆ ئەو منداڵانەی کە بڕیارە مافی نیشتەجێبوونیان پێبدرێت، بەڵگەی خوێندن لە خوێندنگە بۆ هەموو ماوەی نێوان دەسپێکردن و تەواوکردنی خوێندنی ناچاری لە خوێندنگە، دەبێت پێشکەش بکرێت. ئێوە دەتوانن بە پێشکەشکردنی بڕوانامە یان بەڵگەنامەیەک بە نووسینگەی کۆچبەری، ئەم بابەتە بسەلمێنن. خوێندن و ئامادەبوون لە خوێندنگە تەنها کاتێک پەسند و باوەڕپێکراوە کە منداڵەکە لە ماوەی ساڵی خوێندندا تەنها چەند ڕۆژێک بێ پاساو لە خوێندنگە حزووری نەبووبێت.

### 5. دابین کردنی تێچووەکانی ژیان

ئێوە دەبێت تێچووەکانی ژیانتان یان بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێگەی کارێکی مووچەدارەوە دابین بکەن یان دەبێت بەپێی کار و چالاکیی ڕابردووتان، بەو ئەنجامە بگەین کە تێچووەکانی ژیانتان لە داهاتوودا بەتەواوی دابین دەکرێن.

گەر بە تەنها ناژین، ئەم تێچووە پەیوەندیی بەو خێزانەوەیە کە لەگەڵی دەژین. مەبەست لە خێزان ئەو کەسانەیە کە لەگەڵیان دەژین و کار دەکەن و واتا پێکەوە تێچووەکانی ژیانی ڕۆژانە دەدەن. گەر زۆرتر لە نیوەی داهاتی خێزانەکەتان لە ڕێگەی مووچەی دامەزراوبوونەوە بێت، تێچووەکانی ژیانتان بەشێوەیەکی سەرەکی هەر بەو مووچەیە دابین دەکرێت. ئێوە یان لانی کەم خێزانەکەتان هەروەها دەبێت بتوانن بێ وەرگرتنی یارمەتی لە حکومەتەوە کرێی خانووەکەتان بدەن. بەڵام وەرگرتنی بڕەپارەی یارمەتیی نیشتەجێبوون (Wohngeld) خۆی بەمانای ئەوە نابێت کە تێچووی ژیانتان دابین ناکرێت. ئەوەش "هیچ کاریگەرییەکی نەرێنیی نییە".

لەم چوارچێوەدا، بەپێی ئەو باجەی لەلایەن خودی وەرگرەکانەوە - ئێوە یان ئەندامی خێزانەکەتان - دەدرێت، هەر یارمەتییەکیش کە پێتان دەدرێت کاریگەریی نەرێنیی نابێت. بەم پێیە، ئەم یارمەتییە بێزیانانە بریتیین لە مووچەی خانەنشینیی پیری یان کەمئەندامی یان "یارمەتیی بێکاری ژمارە 1 (Arbeitslosengeld I)". یارمەتیی منداڵ (Kindergeld) بەرنامەیەکی کەمکردنەوەی باجە (بالانسکردنی یارمەتیی خێزان (Familienleistungsausgleich)) و هەربۆیە وەک داهاتی کار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. کەوابوو، ئەمە کاریگەریی نەرێنیی نابێت. ئەو بڕە پارەیەش کە بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون دەدرێت، وەکوو بوورسیەی خوێندن، وەک داهاتی کار لەبەرچاو دەگیرێت و کەوایە ئەوەش هیچ کاریگەرییەکی نەرێنیی نابێت.

بەڵام زۆربەی ئەو یارمەتییە کۆمەڵایەتییانە کە بەپێی ئەو باجە نین کە دەدرێن، بە تایبەت ئەو یارمەتییانەی کە بەپێی کتێبی دووەمی یاسای کۆمەڵایەتیی ئەڵمانیا (SGB II) ("Bürgergeld" کە پێشتر "Hartz IV" بوو) دەدرێن، وەکوو داهاتی کار مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت و لەبەرچاو ناگیرێن.

تێچووەکانی ژیانی خێزان لە داهاتووشدا دەبێت دابین بکرێت. کاربەدەستان بەو مەرجە ئەمە قبووڵ دەکەن کە لە ئێستادا کارێک کە داهاتی بەڕادەی پێویست ببێت، بکرێت. بەڵام گەر پێشنیاری کارێکی دیاریکراو و متمانەپێکراو یان ڕاهێنانی خوێندنگە/پیشەیی

بوونی هەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا پێشووتر لە خولی ئینتگراسیۆندا لە زانینی زمان و شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان سەرکەوتن بەدەست هاتبێت بەجۆرێک کە بۆ دابینکردنی تێچووی ژیان بەس بێت، دەتوانین بڵێین کە تێچووی ژیان لە داهاتوودا بەدەست دێت و دابین دەکرێت.

تکایە بۆ ئەم مەبەستە پێشنیاری کاری ساختە و بێبنەما لە هیچ کەسێک وەرمەگرن. ئەگەر پشتڕاستکردنەوە و بەڵگەیەکی ساختەی لەو شێوەیە پێشکەش بکەن، ئەمە دەبێتە هۆی سزای بەرچاو بۆ ئێوە و ئەو کەسەی کە بەڵگەکەی دەرکردووە.

یاساکە هەندێک ئیستسنای لە مەرج و پێداویستیی تێچووی ژیاندا کردووە. ئەم ئیستسنایانە بۆ ئەمانەی خوارەوە بەکار دەبرێت:

- خوێندکارانی دامەزراوەیەکی دەوڵەتیی خوێندنی باڵا یان دامەزراوەیەک کە لەلایەن دەوڵەتەوە دانی پێدانراوە، و فێرخوازانی شاگردیی پیشە دانپێدانراوەکان یان فێرخوازانی پرۆگرامەکانی ئامادەکاری پیشەیی کە دەوڵەت پشتگیریی دەکات،
- ئەو خێزانانەی کە منداڵی کەم تەمەنیان هەیە و بۆ ماوەیەکی کاتی پێویستییان بە یارمەتییە کۆمەڵایەتییە تەواوکەرەکان هەیە،
- دایک یان باوکی تەنها کە منداڵی کەم تەمەنی هەیە و بەپێی ڕێساکانی یارمەتی و دەرماڵەی هاووڵاتی (SGB II) مەنتقییە کە چاوەڕوانیی ئەوەی لە ناکرێت کار بکات، یان
- ئەو بیانییانەی کە خزم و کەسی خۆیان کە پێویستی بە بەخێوکردنە بەخێو دەکەن،
- ئەو بیانییانەی کە بەهۆی کەمئەندامی یان نەخۆشینی جەستەیی، مێشکی یان دەروونییەوە ناتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بۆ ئەمەش دەبێت بەڵگەنامەی پزیشکی بە وردەکارییەکانییەوە یان بەڵگەنامەی خانەنشینی بەهۆی کەمئەندامییەوە پێشکەش بکەن، و
- ئیستسنا بەهۆی تەمەن؛ چونکە هەمیشە بەو شێوەیە بووە کە کاتێک دەگەنە تەمەنی خانەنشینی یاسایی، مووچەی خانەنشینیی پیری وەردەگرن.

ئەگەر هەر پرسیارێکتان هەیە لەم بارەیەوە، ئەو کەسەی کە لە نووسینگە کۆچبەری پەیوەندیتان لەگەڵی هەیە ئامادە دەبێت بۆ هاوکاریتان.

## 6. جێبەجێکردنی مەرجەکانی پاسپۆرت

ئێوە دەبێت مەرجەکانی پەیوەندیدار بە پاسپۆرت جێبەجێ کەن. ئەمەش بەو مانایەیە کە پێویستە پاسپۆرتێکی یاسایی و دروست و دانپێدانراو یان جێگرەوەی پاسپۆرتتان لە وڵاتی ئەسڵیی خۆتانەوە هەبێت و پێشکەشی بکەن.

تاکە ئیستسنای ئەمە کاتێکە کە ناتوانرێت یان مەعقول نییە پاسپۆرت یان جێگرەوەی پاسپۆرت لە وڵاتی ئەسڵیی خۆتانەوە بەدەست بهێنن. لە بنەڕەتدا، دروست وایە کە بە یاساکانی دەرکردنی پاسپۆرت لە وڵاتی ئەسڵیی خۆتان پابەند بن. ئەم بابەتەش بەتایبەت لە کاتێکدا دێتە ئاراوە و دروستە کە مەرجی هاوشێوەی ئەوە بەسەر ئەڵمانییەکاندا بسەپێندرێت کە لە دۆخێکی هاوشێوەی ئەوەدا پاسپۆرت دابین بکەن.

ئەوەش بەرپرسیارێتیی ئێوەیە و بەرپرسیارێتیی دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا نییە کە ڕێگەی چۆنیەتیی وەرگرتنی پاسپۆرت یان جێگرەوەی پاسپۆرت لە وڵاتی ئەسڵیی خۆتان بزانن. هەروەها بەدەستهێنانی بەڵگەنامە و وێنە پێویستەکان لەسەر تێچوو و حیسابی خۆتانە و داوای دەرکردنی پاسپۆرت یان جێگرەوەی پاسپۆرتیش ئەرکی خۆتانە. ئەگەر بتوانن نیشانی بدەن کە لە بەدەستهێنانی پاسپۆرت کێشەی ناعەقڵانی و نامەعقولت هەیە، ڕەنگە بەپێی هەندێک مەرجی تر، بتوانن بەڵگەنامەکانی تری وڵاتی ئەسڵیی خۆتان بۆ ڕوونکردنەوە و نشاندانی ناسنامەی خۆتان بەکاربێنن. تکایە بۆ باسکردن لەسەر کارە پێویستەکان لەگەڵ ئەو کەسەی کە لە نووسینگە کۆچبەری پەیوەندیتان لەگەڵی هەیە پەیوەندی بەکەن.

ئەگەر پاسپۆرتی نوێ یان جێگرەوەی پاسپۆرتتان وەرگرتووە، پێویستە بە زووترین کات (بەبێ دواکەوتن) پێشکەشی نووسینگەی

کۆچبەریی بکەن - تەنانەت ئەگەر داوای ئەوەتان لێ نەکرابێت و هێشتا لەو ساتەدا داوای ئیجازەی نیشتەبوون (Aufenthaltstitel)ی دیکەیان نەکردبێت.

پێشکەشکردنی پاسپۆرتەکە نابێتە هۆی ئەوەی کە لە دەرفەتی مافی نیشتەجێبوون بێبەش بیت.

## 7. ڕوونکردنەوەی ناسنامە

ڕوونکردنەوەی ناسنامەکەیشتان پێشمەرجێکە بۆ دەرکردنی ئیجازەی نیشتەجێبوونی زیاتر. ئەمە تەنها لە حاڵەتە نائاساییەکاندا دەتوانرێت پشتگوێ بخرێت و تەنها بەو مەرجەی کە بتوانن بیسەلمێنن کە هەموو هەوڵێکی گونجاوتان بۆ ڕوونکردنەوەی ناسنامەکەتان داوە.

"ناسنامە" واتە ئەو زانیارییە شەخسییانە (بەتایبەت ناو، ڕێکەوتی لەدایکبوون، شوێنی لەدایکبوون و نەتەوایەتی) کە بەهۆیانەوە لەلایەن دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی وڵاتی ئەسڵیی خۆتانەوە دەناسرێن. ئەگەر لێرە لە ئەڵمانیا بە هەندێک زانیاریی ناسنامەوە ناسراو بن، بەڵام لە وڵاتی ئەسڵیی خۆتاندا بەوانەوە نەناسراون بن، ئەمە کافی نیە. هەر لەبەر ئەم هۆکارانە، سادەترین ڕێگە بۆ ڕوونکردنەوەی ناسنامەکەتان پاسپۆرتێکە کە وڵاتی ئەسڵیی خۆتان بە پرۆسەیەکی دروست بۆتانی دەرکردووە.

ئەگەر ناتوانن ناسنامەی خۆتان بە پاسپۆرت یان لانیکەم جێگرەوەی پاسپۆرت (بۆ نموونە، پاسپۆرتێکی کاتی یان پاسپۆرتێکی بەپەلە) کە لە وڵاتی ئەسڵیی خۆتانەوە دەرکرابێت ڕوون بکەنەوە، تکایە لەگەڵ ئەو کەسەی کە لە نووسینگەی کۆچبەری پەیوەندیتان لەگەڵی هەیە پەیوەندی بکەن بۆ ئەوەی بزانن کە هێشتا لە چ ڕێگەیەکەوە ئیمکانی هەیە ناسنامەکەتان ڕوون بکەنەوە. وتە و لێدوانی کەسانی نزیک (هاوڕێ، خزموکەس) سەبارەت بەوەی کە ئێوە کێن زۆربەی کاتەکان بەس نییە.

## 8. نەبوونی نیگەرانیی ئەمنی (کە پێی دەڵێن بیانووی وەدەرنان)

گەر لەم بەینەدا ڕاستیگەلێک ئاشکرا بن و بەهۆی ئەوانەوە ئەگەری تەواوکردنی مۆڵەتی نیشتەجێبوونەکەتان بەهۆکاری ئەمنییەوە لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت، لەوانەیە ئیجازەی نیشتەجێبوونێکی نوێتان بۆ دەرنەچێتەوە.

## 9. ڕێسای تایبەت بۆ کەسانی ژێر 27 ساڵ

ئەو کەسانەی کە دەرفەتی مافی نیشتەجێبوونیان پێدراوە و هێشتا تەمەنیان ژێر 27 ساڵە، کاتێک داوای مۆڵەتی نیشتەجێبوونی دواییان دەکەن، هەندێک ڕێسای تایبەت بەخۆی جیبەجێ دەکرێت.

بەتایبەتی، مەرج نییە کە تێچووی ژیانتان - بەشێوەیەکی کاتی - دابین بکرێت. بەڵام دەبێت لەبری ئەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ئەڵمانیا بەشداریی خوێندنگەتان کردبێت یان بڕوانامەی خوێندنگەیەکی ئەڵمانی یان بڕوانامەیەکی پیشەیی ئەڵمانیتان هەبێت. جگە لەوەش، دەبێت ئەو دڵنیاییە بەدەست بێت کە ئێوە دەتوانن بەپێی خوێندن و پەروەردەی پێشووتر و بارودۆخی ژیانتان، خۆتان لەگەڵ بارودۆخ و چۆنیەتیی ژیان لە کۆماری فیدراڵیی ئەڵمانیا یەکخەن بۆ ئەوەی بتوانن لە درێژماوەدا خۆتان بەڕێوەبەرن.

گەر ژێر 27 ساڵ تەمەنتان بیت و هێشتا لە خوێندنگە یان ڕاهێنانی پیشەیی بن مەرجی تێچووەکانی ژیان بەتەواوی لادەبرێت.